## شایەتییەك بۆ ئیسلامییەکان

**دوو ئیدارەی کوردیو بە پشت بەستن بەو پشتگیرییەی کە دەستیان کەوتووە گوایە ((هاوپەیمان))ی ئەمەریکان هەندێك ئیجرائاتیان کرد بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو یاساییەی ئەوان یەکەم پێشێلکەرین. یەك لەو ئیجرائاتانە سەندنەوەی بارەگا لە حزبەکان بەتایبەتی حزبە ئیسلامییەکان بە بەهانەی ئەوەی ئەو بینایانە مولکێکی گشتین ئەمە لەکاتێکدا دەیان بینای لەم جۆرەیان بۆ حزبی خۆیان داگیرکردووە. یەکێکیش لەو بارەگایانە ئەوەی لە هەولێردایەو کە هی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو پاشانیش هی بزووتنەوەی یەکبوون و دواترو پێش چۆلکردنی هەردوو کۆمەلی ئیسلامیو بزووتنەوەی ئیسلامیی تێدا بوو. ئەمەی خوارەوەش کە دەیخوێنەوە سکالای دراوسێیانی ئەو بیانیەیە لەو پۆلیسانە چوونەتە ئەو بینایە(ڕۆژنامەی هاوڵاتی ١٧٣ لە ١٢-٥-٢٠٠٤، ل ٤).**

# پۆلیسەکان هەراسانیان کردووین

ئەگەر چی پێش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەو بینایەی کە دەکەوێتە سەرشەقامی پەیمانگای هەولێر دەزگایەکی حیزبی بەعس بوو ئێمە وەك ئەو ماڵانەی کە دەکەونە دەوروبەری هیچ لەخۆمان تەئمین نەبووین بەهۆی کردارە دڕندەکانیان وەك دەزگا موخابەراتیەکان زیاتر کە بڕوبیانوویان لەخەڵکی دەگرت ئەوەی بکەوتایە دەوروپشتی دەزگایەکان و ئەگەر یەکێك بەتەنیشتی دەرگاکە تێپەڕیایە و تەماشای ناو دەزگاکەی بکردایە ئەوە مەگەر هەر خوا بزانێت چییان بەسەر دەهێنا، پاش ئەوان ئیسلامیەکان هاتن خواهەڵناگرێ بەهیچ شێوەیەك گلەیمان لەوان نەبووە ئەوەندە کە لەو بینایەدا بوون کە ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵ تێیدابوون ئەتوانین بڵێین بەڕاستی ئەو ماوەیەی کە ئەوان لەوێدا بوون تەئمین بووین لەناموس و ماڵمان بەڵام ئاخ پاش ئەوەی ئەوان لەوێ نەمان و حکومەت چەند پۆلیسێکیان فڕێ دایە ناو بینایەکە بەمەبەستی پاراستنی بینایەکە یان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان، بەڵام دیارە ئەرکی ئەوان چاوبڕکێی ناو ماڵەکانەو مراقەبەکردنی ماڵەکانی دەوروبەری دەزگایەکە کە ماوەیەکی کەمە لێرەدان ئێمەیان هەراسان کردوە ئەتوانم بڵێم زۆر سوپاس کەلەپاش ڕاپەڕینەکە لەوێ نەبوون تا ئێستا خۆبەدەستیانەوە دەمردین و خانووەکانمان هەرزان فرۆش دەکرد.

ئێمە وەك ماڵەکانی گەرەك داوا لەحکومەت دەکەین سنورێك بۆ ئەو کێشەیە دابنێت و هەڵوێستی هەبێت.

**شاخەوان باشبلاغی**

بەمەبەستی بەدواداچونی ئەم سکاڵایە سەردانی قیادەی گشتی زێرە قانیمان کرد لەکۆنە بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی بەڵام وەڵامی ئەم سکاڵایانەیان نەدایەوە.

**ئا.پ.هەولێر**